# جەلادەكان هاتنەوە جەلادەكان

نەبەز گۆران

ئێمە وتمان نامانەوێ بتان بینین کەچی تەقەیان لێکردین, ئێمە وتمان نامانەوێ بەو هەموو ناشیرینیەی خۆتانەوە بێنە ناو شارەکەمان کەچی گوللەیان پێوەناین, ئێمە وتمان حەزناکەین رۆخساری درۆزنتان دەرکەوێ کەچی تیربارانمان دەکەن, ئێمە وتمان شارەکەمان وێرانە یادی مەکەنەوە, کەچی گەنجەکانمان دەکوژن, ئێمە وتمان قوتابخانەمان نییە فێری کوردی ببین کەچی ئێوە جەلادەکانتان دەنێرن تا گیانمان بکێشن, ئێمە وتمان نەخۆشخانەمان نییە تا برینەکانمان سارێژ بکات کەچی برینێکی ترتان خستە سەر پێنج هەزار  برینمان, ئێمە وتمان شەقامێکمان نییە لە شەقام بچێ, بازارێکمان نییە لە بازار بچێ, کەچی ئێوە هەر دەمانکوژن,ئێمە وتمان یاریگایەکمان نییە گەنجەکانمان کۆبکاتەوە, کەچی ئێوە هاتن لە بری هەموو شتێ " کوردۆ " تان کوشت , ئێمە وتمان پارکێکمان نییە کوڕو کچەکانمان تێیدا دانیشن کەچی هاتن گوللەتان نا بەسەر دڵمانەوە.

ئێمە وتمان بەعس هاتوو هەمووماني خنکاند, کەچی نەمانزانی پاش بەعس ئێوە دێن و لولەی تفەنگەکانتان ئەخەنە سەردڵی گەنجەکانمان, ئێوە هاتن بە وێنەی ئەوان ئەوەی ئەو تەواوی نەکردبوو تەواوتان کرد, ئێمە نەماندەویست چیتر لەوە زیاتر باوەڕ بە درۆکانتان بکەین, بەڵام نەماندەزانی جارێکیتر شارەکەمان پڕدەکەنەوە لە خوێن, دەستتان بشکێ ئەی حەس حەسەکانی حیزب چۆن توانیتان ئەو گەنجانە بکوژن, گوناهی ئێمە تەنها ئەوەیە شارەکەمان وێرانەو داوای هەقی خۆمان دەکەیەن, وەلێ ئێوەی جەلاد بە خۆتان و پۆستاڵەکانتانەوە, بە خۆتان و کۆڵێ شەرمەزاریەوە, هاتنە سەر ڕێگەمان و دەستتان کرد بە گوللەباران کردنمان.

ئەمە یەکەم شەرمەزاریتان نابێ , ئێوە یەك لەسەر کەلتووری  توندوتیژی پەروەردە بووبن کەی تەحەمولکردنی توڕەبوونی دوو گەنجتان هەیە, ئاخر مۆنیۆمێنتامان بۆ چییە کاتێ منداڵەکانمان پێڵاویان نییە لە پێی کەن, ئەم تورەکەی سواڵە ئێوە داتان نابوو شەرمەزاریەك بوو بۆ شەهیدان, ئێمە داوای ئەوەمان دەکرد ڕازی نین چیتر یادی مردووەکانمان بکەن و زیندووەکانمان بخنە گۆڕەوە.

ئەگەر تەریق نابنەوە سەیرێکی شارەکەمان بکەن, بزانن کوا بەڵێنەکانتان, تەریق دەبمەوە قسە لە حیزبێك بکەم هەموو گیانی عەیبە, شەرم ئەمگرێ باسی دەسەڵاتێك بکەم هێندەی بەعس کوڕی کوردی کوشتبێ, ئەو وڵاتە نەخاوەنی هەیەو نە یاساو نە پەرلەمان, چونکە ئەگەر وانەبا وڵات بە عەقڵی مەغۆلی حەس حەسەکانی حیزب بەرێوە نەدەبرا.

ئێوارە باش پەرلەمان, ئەی مەکتەبی تەلەبە تەمبەڵەکان, کۆبوونەوەی چی ساز دەکەی بۆ شانزەی سێ , ئەوەتا شارەکەی من جارێکیتر بە دەستی حەس حەسەکانی حیزب پڕبووەوە لە خوێن, بۆ پێمان ناڵێن ئەوە دەستی بێگانەیە , خۆ ئێوە فێرن وەك ئەوان بیربکەنەوە.

کیمیاویمان لێدرا وتمان قەیناکە لەبەر کوردە, ئەمەش دەسەڵاتی کوردە, بریاربوو ئەم شانزەی مانگە دەموچاوی بەرپرسە رەزاگرانەکان نەبینین, وەلێ ئەوان هاتن بە خۆیان و لەشکری دەستوەشێنەوە ماڵەکانیان پڕکردەوە لە گریان, هاتن بە خۆیان و فایلەکانیانەوە جارێکیتر جلی رەشیان کردەوە بەبەری دایکەکانماندا, هاتن نەوەی رابردوو پاك سەرو ریشی باوکە جگەر سوتاوەکانمانیان پڕکردەوە لە فرمێسك بەخێربێن بۆ ئەو شارە بریندارە ئەی ئەوانەی لەسەر کەلاکی ئێمە دەژین.

وتمان ئیتر تاجە گوڵینەی ئەو گەندەڵانەمان ناوێ بیخەنە سەر گۆڕی عومەری خاوەر, بەڵام لەبری تەریق بوونەوەیان تفەنگەکانیان بەسەر گەنجەکانمانەوە تاقیکردەوە, ئەمەیە وڵاتی دیموکراسی و هەمەجیەتی حیزب, ئەمەیە سەردەمی ئازادی و کۆمەڵگەی کراوە.

دەی خودایە هەرچی بەرپرسی ئەو حیزبە هەیە ببێت بە قوربانی دڵۆپە خوێنی گەنجێکی هەڵەبجە, چیان پێ بڵێی کە هیچ تەریقیان ناکاتەوە, هەرکاتێ بەعس باوەشی بۆ دەکردنەوە دەچوونە لای, کەلەوێ بێزار دەبوون عەمامەی ئاخوندیان دەکردە سەر, کاتێ سەریان قورس دەبوو دەسیان دەکرد بە کورد کوشتن, کە چاویان بە ئینگلیز کەوت بوونە خوشکەزای بلێر, وەختێ ئەمریکا هەڵتۆقی پۆستاڵی مارێنزیان لەبەرکرد, دەبێ ئەمانە چی بن خودایە, هیچ شتێ تەرِیان ناکات ئەم کورد کوژانە.